Sydkurdiska / سۆران/ کوردی




هەڵبژاردن ٩ی مانگی ٩ی ساڵی ٢٠١٨

## دەنگدان

بەم شێوە دەنگ دەدەیت لە **هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی سوید، ئەنجوومەنی شارەوانی و ئەنجوومەنی ئوستان/ لاندستینگ.**

### کێ بۆی هەیە دەنگ بدایت؟

بۆ ئەوەی مافی دەنگدانت هەبێت دەبێت لە ڕۆژی هەڵبژاردن تەمەنەت گەیشتبێتە هەژدە (١٨) سال.
زانیاریەکانی تۆماری دامی تۆمارکردنی دانیشتووان ٣٠ ڕۆژ پێش ڕۆژی هەڵبژاردەن بڕیاردەرە کە ئەگەر ئەتۆ مافی دەنگدانت هەیە و سەر بە چ ناوچەیەکی دەنگدانی.

### تۆ مافی دەنگدانت هەیە بۆ پەرلەمان:

- هاووڵاتی سویدی بیت و لەسوید بیت و یان ناوت لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووان لە سوید تۆمارکرابێت.

### تۆ مافی دەنگددانت هەیە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی و ئەنجوومەنی ئوستان/لاندستینگ ئەگەر:

- هاووڵاتی سویدی بیت و ناوت لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووان لە سوید هەبێت.
- هاووڵاتی یەکێك لە وڵاتانی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا بیت یان هاووڵاتی ئیسلاند یاخوود نەرویژ بیت و ناوت لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووان لە سوید هەبێت.
- هاووڵاتی وڵاتێکی دیکە بیت و ناوت لە دامی تۆمارکردنی دانیشتوانی سوید تۆمارکرابێت سێ (٣) ساڵ لەدوای یەکتری لە پێش ڕۆژی هەڵبژاردن.

### تۆ کە مافی دەنگدانی هەیە کارتی دەنگدان وەردەگریت

تۆ کە مافی دەنگدانت هەیە کارتی هەڵبژاردن سێ (٣) هەفتە بەر لە ڕۆژی هەلبژاردن وەردەگریت. لەو کارتە نووسراوە لە چ هەڵبژاردنێک ئەتۆ مافی دەنگدانت هەیە، هەروەها ناو و ناونیشان و کاتی کراوەی شوێنی هەڵبژاردن لەو کارتی هەڵبژاردنە نووسراوە. هەووەها لە کارتی دەنگدانەکە زانیاری دەربارەی ئەو شوێنانەش هەیە بۆ دەنگدانی پێشوەخت. ئەگەر نیازی دەنگدانی پێشوەختت هەیە دەبێت کارتی دەنگدان لەگەڵ خۆتا بەریت.
ئەگەر کارتی دەنگادانت وەرنەگرتووە یان بزرت کردووە، دەتوانی داوای کارتێکی نوێ لە شارەوانی یان لە دەستگای هەڵبژاردن بکەیت لە ڕێگای ڕاسپاردنەوە.

### کارتی هەڵبژاردن

کارتی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان ڕەنگی زەردە، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی ڕەنگی سپیی و ڕەنگی شین بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئوستان/لاندسینگ بەهار ئەهێنرێت. کارتی هەڵبژاردن لە هەموو ئەو شوێنانە دەستدەکەون کە دەتوانی دەنگی لێ بدەیت و هەروەها لە لای حیزبەکانیش هەیە.
ئەگەر ئەتۆ پێش کاتی خۆی دەنگ بدەیت یان لە ڕێگای پەیامنێریی دەنگ بدەیت لەوانەیە پێویست بکات داوای کارتی هەڵبژاردن بکەیت یان بیهێنیت لای حیزبەکان یان لە کۆمۆنی خۆت.

### دەنگ بدە بە حیزب

ل بۆ ئەوەی بۆت هەبێت دەنگ بدەیت دەبێت بتوانیت ناونیشانی خۆت بسەلمێنیت لە ڕێگای نیشاندانی کارتی ناسنامە بۆ نموونە ئاژوتننامە یان پاسپۆرت. ئەگەر کارتی هەڵبژاردنی حیزبەکەت دەست نەکەوێت، ئەوا دەتوانیت ناوی حیزبەکە بە گوێرەی ئیمکان بە ڕوونی لەسەر کارتێکی بەتاڵ بنووسیت.

## دەنگدان بە تاك
ئەگەر دەتوێت دەنگ بە تاك (کەس) ێکی تایبەتی بدەیت کە کاندیدادە لە پارتێك بۆ هەڵبژاردن، دەتوانیت دەنگت بەو کەسە بدەیت لە ڕێگای نیشانەکردنی ناوی ئەو کەسە بە نیشانەی زەرب لە چوارگۆشەیەک بەرامبەر ناوی ئە کەسە لە کارتی هەڵبژاردندا. تۆ دەتوانیت تەنها بە نیشانەی زەرب ناوی **یەك** هاندیداد هەڵبژیریت.

## تۆ دەبێت خۆت بناسێنیت
تۆ دەبێت کەسایەتی خۆت بسەلمێنی بۆ ئەوەی دەنگ بدەیت. ئەگەر تۆ نەناسراو بیت لە لای وەرگری دەنگەکان، ئەوا لەسەرتە خۆت بناسێنینی لە ڕێگای نیشاندانی ناسنامەتەوە، بۆ نموونە کارتی لێخورین، پاسەپۆرت، ناسنامەی کار. ئەگەر بێتوو هیچ بەڵگەیەکی ناساندنت نەبێت،ئەوا دەبێت کەسێکی دیکە گەواهی سەلماندنی ناسنامەت بکات، بەڵام ئەو کەسە دەبێت بۆ سەلماندنی خۆی بەڵگەنامەیەک نیشان بدات.

## دەنگدان
## لە ڕۆژی هەڵبژاردن لە شوێنی هەڵبژاردن دەنگ بدە
تۆ دەتوانیت لەو شوێنی هەڵبژاردنە دەنگ بدەیت کە لە کارتی دەنگدانەکەت دیاریکراوە. شوێنی دەنگدان تەنها ڕۆژی ١٤ ی سیپتامبەر ٢٠١٤ کراوەیە. ناوت لە لیستی ناوی دەنگدان نیشانە دەکرێت (دەسڕێتەوە)  کاتێك لە شوێنی دەنگدانت دەنگ دەدەیت و دەنگەکەت دەخرێتە ناو سندوقی هەڵبژاردنەوە.

## دەنگدانی پێشوەخت لە شارەوانی خۆت یان لە شارەوانییەکی دیکە ئەنجام بدە
دەنگدانی پێشوەخت بەمانای ئەوە دێت کە تۆ دەتوانی دەنگ بدەیت لە شوێنێکی دیکە جگە لە شوێنی هەڵبژاردنی خۆت. دەنگدان لە پێش کاتی خۆی نێزیکەی سێ هەفتە پێش ڕۆژی دەنگدان دەست پێدەکات و بەردەوامە تا ڕۆژی هەڵبژاردن.

کاتێک دەنگدانی پێشوەخت ئەنجام دەدەیت دەبێت کارتی دەنگدانت پێ بێت لەبەرئەوەی ئەو کارتی دەنگدانە بەکار دەهێنرێت کاتێك دەنگەکەت بۆ شوێنی هەڵبژاردن ڕەوانە دەکرێت. لەو شوێنە دەنگەکەت هەژمارە دەکرێت. تۆ دەتوانیت زانیاری وەربگریت لە شوێنی دەنگدانی پێشوەخت لە ماڵپەڕی www.val.seیان لە شارەوانی.

## دەنگدان لە دەرەوەی وڵات
ئەگەر ئەتۆ لە دەرەوەی وڵاتی دەتوانیت بە نامە دەنگ بدەیت یان لە سەفارەتی سوید و کۆنسولخانە.
ئەگەر لە ڕێگای نامەوە دەنگ بدەیت، ئەوا چەند مەتریالێکت پێویستە کە دەتوانیت لە دەستگای هەڵبژاردنەوە داوای بکەیت. ئەتۆ دەتوانیت بە نامە دەنگ بدەیت زووترین کات ٤٥ ڕۆژ پێش ڕۆژی هەڵبژاردن و لە سەفارەت و کۆنسولخانە ٢٤ ڕۆژ  پێش ڕۆژی هەڵبژاردن دەنگ بدەیت.

## کەسانێک دەتوانن لە ڕێگای نوێنەرەوە دەنگ بدەن
ئەتۆ دەتوانیت بە پەیامنێر دەنگ بدەیت ئەگەر ئەتۆ بە هۆی تەمەنی بەرز، نەخۆشی یان کەم ئەندامی ناتوانیت خۆت بگەیەنیتە هۆڵی هەڵبژاردن یان هۆڵێکی دەنگدان. ئەو کاتە مێردەکەت، هاوسەر یان هاوژیانەکەت، منداڵەکانی مێردەکەت، هاوژیانەکەت یان هاوسەرەکەت، منداڵی منداڵت، دایکوباوکت یان خوشکوبرات دەتوانن پەیامنێری ئەتۆ بن. ئەگەر کەسێک هەیە کە بە پێی پیشە یان بە شێوەیەکی لەوجۆرە چاودەدێریت دەکات یان ئاسایانە یارمەتیت دەدات ئەو کەسە هەروەها دەتوانێت پەیامنێری ئەتۆ بێت
.هەروەها دەتوانیت لە ڕێگای نوێنەرەوە دەنگ بدەیت ئەگەر بێتوو  زیندانی بیت لە گرتووخانە یان لە بنکەی چاوەدێری تاوانباران لە ژوورەوە بیت. ئەتۆ کاتە کارمەندەکان هەروەها دەتوانن یارمەتی ئەتۆ بدەن.
ئەگەر بێتوو لە ناوچەی دێهاتیش بژیت، ئەوا نامەبەری پۆستی دەوری نوێنەر دەبینێت بۆ گەیاندنی دەنگەکەت. ئەگەر ئەتۆ کەس ناناسیت کە بتوانێت پەیامنێری ئەتۆ بێت کۆمۆن دەتوانێت وەرگرێکی دانگ بۆ ئەتۆ جێبەجێ بکات کە دێت بۆ ماڵت. پێوەندی بە کۆمۆنەکی خۆت بکە.

بۆ ئەوەی لە ڕێگای نوێنەرەوە دەنگ بدەیت پێویستیت بە مەتریالی تایبەت دەبێت کە دەتوانیت لە شارەوانی یان لە دەستگای هەڵبژاردن داوای بکەیت.

Valmyndigheten 713a4 utg 7